# تۆلەگەڵ تیشکی خۆرهاتی

کاوە کاوانی

پێشکەشە بە ڤانە خانی کچم کە چەند مانگێکە چاوی بە جیهان هەڵێناوە

تۆ لـەگـەڵ تیـشکی خۆر هاتی یان لــەگەڵ بـارانــا بـاری
دڵی بـــەستەڵـەکی خــەمم گۆڕا بــۆ وەرزی بەهاری

★ ★ ★

خۆشم دەوێ ی تـا ئەو رادەی بێ سنووروەو بێ کۆتایی
بێ تــروسکەی چـاوانی تـــۆ تــەنیــاتــرم لـــە تەنیایی

★ ★ ★

تـــۆ خــوشکی ئـــەستێرەکانی یان تـریفەی مانــگە شەوی
تـــۆ زەردەخەنەی لێــوان و شیرین و خۆشترین خەوی

★ ★ ★

نــیشتمانی بـــەرائــەتی شەونمی سەر پەڕەی گوڵی
دامرکێنەری هــەڵچوون و سارێژکەری زامی دڵی